www.kurdistannet.org
1-9-02 11:42:23

# (هاولاَتی) غەدری لە بجیل کرد!

عوسمان ریشە
dyako@maktoob.com

سالاَنێکە لە کوردستاندا رەوتێکی رەخنەگرانە درووست بووە و وردە وردە خەریکە جیَ پێی خۆی دەکاتەوە.بەش بە حالَی خۆم زۆرم پێخۆشە کاتێك بۆچوونێك یان هەوالێکی رەخنەگرانە دەخوێنمەوە، چەندین وتاریشم لەو بوارەدا نووسیوە و قسەشم لەسەر هەندیَ لایەنی دیار و بەرجەستە و هەستپێکراو کردووە.

خەلَکی دیش دەبینم ...... زۆریش لەو رەخنانە جێگای خۆیان گرتووە و چارەسەریشیان بۆ دۆزراونەتەوە، زۆریشیان بن پێیان خراون.

وەك دەلَێن : ئازادی مەسئولیەتێکی گەورەیە، ئەگەر حەکیمانە مامەلَەی لە گەلَدا نەکەیت ئەوا مانایەکی دیکەی دەبێت.بۆ ئەوەی ئێمەی کورد زیاتر لە قۆستنەوەوخۆشەویستی مانایەکی دیکە نەدەین بە ئازادی پێم وایە دەبیَ بە تەنگ ئەزموونەکەمانەوە بین و ئەگەر رەخنەش دەگرین دەبیَ رەخنەکانمان بنەمایان هەبێت، یان ئەگەر هەوالَێك بلاَو دەکرێتەوە پێویستە زیاتر بە رووی سپیدا بشکێتەوە نەك رەش.

نموونەیەك کە تازە خۆی بەرچاوخست بلاَوکردنەوەی هەوالَی کوشتنی چوار مرۆڤ لە سەر مانگایەك لە ناوچەی بجیلی دەڤەری ئاکریَ بوو. کاتێك هەوالَەکەم لە هەفتەنامەی هاوولاَتی دا خوێندەوە زۆر سەرنجی راکێشام و تا حەددێکیش بروام بەو هەوالَە کرد، دوای ئەوەی رای گشتیی شەقامی هەولێر لە سەر ئەو هەوالَە دروستبوو، هەموو لایەك بە یەکەوە نەفرەتیان لە مەلا و خاوەن مانگا و خەلَکی ئەو ناوچەیە کرد. کارەساتێك بوو جەرگ بڕ، یەکەمجار بوو ببیستم لەناو یەکێك لە عەشیرەتە ناودارەکانی کوردستاندا خەلَکێك فتوای سەربڕین بدەن و پاشان بەو کارەش هەستن. یەکەمجاریش بوو هەوالَێك زیاد لە قەبارەی هەوالَەکە سەرنجم رابکێشیَ.

پاش ماوەیەك تەماشای هەوالَەکانی کاتژمێر نۆی کەنالَی ktvم کرد کە ناوەندیم دەکرد لە هەولێر، یەکسەر دوای تەواو بوونی هەوالَەکان راپۆرتێك لە سەر رووداوەکە بلاَوکرایەوە.

لە راپۆرتەکەدا سایەق و مەلا و خاوەن مانگا کوژراوەکەی پیشاندا کە (هاوولاَتی)بە مردوو و کوژراو ناوی بردوون. ئەو سیَ مرۆڤە بە زیندوویی قسەیانکرد و هەوالَەکەی هاوولاَتیی‌یان بە درۆ خستەوە.هاوولاَتی نووسیبووی : کوری شۆفێرەکە دەبێنیَ باوکیان سەربری یەکسەر دەسرێژ لە مەلا و خاوەن مانگا و..دەکات و دەیانکوژیَ. کابرای شۆفێر لە دیمانەکەی ktv دا ووتی : کورەکەی من تەمەنی سیَ سالَەوبەس.

ئەو رووداوە بەو شێوەیە بە جێدەهێلَم. لێرەدا چەندین پرسیاری بێوەلاَم هەن کە لە پشت پەردەوە وەلاَمیان هەیە، بەلاَم کیَ ئەو وەلاَمانەی پێدەگات ؟!

ـ ئەوە جاری یەکەم نییە هاوولاَتی هەوالَە ناراستەکانی بە سەردادەدرێنەوە، نموونەی دیکە هەن. ـ ستافی هاوولاَتی ستافێکی تارادەیەك وشیار و ئەزموندارن، تۆ بلَێی هەروا بە ئاسانی هەوالَی نادروست وەرگرن و بلاَوی بکەنەوە ؟، یان ئەگەر هەوالَێك ئەوەندە گرنگە بۆ پەیامنێریان رەوانە ناکەن و راپۆرتێك یان رییۆرتاژێکی لە سەر ساز بدەن ؟کە لە عورفی رۆژنامە نووسیدا کارێکی بە جیَ و شیاوە تا زانیاریی زیاتر و راستتر بە دەست بێنن و بیدەن بە خوێنەر.

لێرەدا رەوتی رەخنەگری و کاری رەخنەیی لەئازادیش گرنگتر و پر ماناتر دەبێت، بە تایبەت کە وەك دەلَێن : ئازادی بوونی نییە، ئێستا چەندین رۆژنامە و گۆڤاری بە ناو سەربەخۆ بە زمانی کوردی لە کوردستان بلاَو دەبنەوە. زۆربەی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەش

www.kurdistannet.org
1-9-02 11:42:23

پەیامیان خولّقاندنی کەشێکی ئازاد و شیاوە، بەلاّم زۆر لەوانە سنووری پیرەر بە پیرۆز دەزانن و پێیانوایە دیوێکی پیرەر هەموو ماناکانی ئەفراندن و داهێنانی تێدایە و دیوێکیشی هەر مەپرسە چ خەراباتێکە !.

ئێستا لەم کاتەدا چەند بەلّگەنامەیەك هەن دەیسەلمێنن کە هەندێك لەو رۆژنامە و گۆڤارانە ئەلّقە لە گوێی شوێنێکی دیاریکراون، لە پێناو بەرژەوەندی‌یەکانی ناوچەیەکی دیاریکراو کاردەکەن و بە دووبارە کردنەوەو سێ‌بارە کردنەوەی نووسینی چەندین هەواڵ و رای نامەعقوول و نادروست ئەو راستی‌یە یان سەلماندووە. دەمەوێ بپرسم : ئایا ئێستا خەلّکی دەڤەری بجیل و شۆفێر و مەلا و خاوەن مانگای کوژراو (هاوولاّتی)چۆن ببینن ؟ و راشیان دەربارەی رۆژنامەی ئازاد چی بێت ؟!.

خۆ گووتمان ئازادی، بەلاّم نەمانگووت لە ناو ئازادیدا شێواندن.بۆ هەفتەنامەی هاوولاّتیش پێویستی‌یەکی گەورەیە بە خۆی و کارنامەکەیدا بچێتەوە و هەولّیش بدات بە زوویی چارەسەرێك بۆ ئەو زیادە رۆیی‌یە بدۆزێتەوە، ئەگینا خەلّکی کوردستان هەقیانە مافی هاوولاّتی بوونی لێ بستێننەوە، با چیدیکەش خەلّکانێك لە پەنای رۆژنامەی ئەهلی‌یەوە خۆیانمان بە سەردا فەرز نەکەن، چونکە دەزانین ......!!!.